**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١٢٧٩٦ لە ٢٠٢٠/٩/٦**

ئاماژە بەو دەسەڵاتانەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :-

**بەیانی ژمارە (٤٩)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**پێدانی دەسەڵات بە بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ**

**ماددەی (١) :** پێدانی ئەم دەسەڵاتانەی لە خوارەوە دیارکراون بە بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ ساڵی ٢٠٢٠:

١- پێدانی موڵەتی ئاسایی بە ئەفسەران لە پلەی (عمید) بو ماوەی (٣٠) رۆژ بۆ ناوەوە و دەرەوەی هەرێم وعێراق.

٢- ئیفاد کردنی ئەفسەران وکارمەندان بو ناو هەرێم وعێراق بو ماوەی (٣٠)رۆژ .

٣- پێدانی سەرمووچەی ساڵانە بە ئەفسەران بۆ پلەی (عمید) .

٤- خەرجکردنی بڕی پارەی مۆلەتی کۆکراوە (بدل إجازه المتراكمه) بۆ ئەفسەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت بەپێی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ساڵی ٢٠١١.

٥- خەرجکردن و نوێ کردنەوەی دەرماڵەی بڕوانامە و مەترسی و ژن و منداڵ و خواردن بۆ گشت ئەفسەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت .بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی و یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ساڵی ٢٠١١.

٦- خەرجکردن و نوێ کردنەوەی دەرماڵەی پایە بۆ ئەفسەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی و یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١.

٧- سەرۆکایەتی کردنی هەردوو لیژنەی پلە بەرز کردنەوە و (غبن) لە دیوانی وەزارەت.

٨- پێدانی مۆلەت بۆ گشت ئەفسەران و کارمەندانی ئافرەت لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت بۆ ماوەی (٢١) ڕۆژ پێش لە دایك بوون و (٥١) رۆژ دوای لە دایك بوون و مۆلەتی دایکایەتی بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بەپێی ڕێنمایی دارایی و بەپێی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ساڵی ٢٠١١.

٩- ناردنی دۆسیەی کەسێتی و بروانامەی دوا مووچەی ئەفسەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت لە کاتی گواستنەوەیان.

١٠- پچڕانی پەیوەندی ئەفسەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت لە حاڵەتی مردن یان شەهید بوون بەپێی یاسا.
١١- پێدانی سەرمووچەی ساڵانە بە ئەفسەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت بەپێی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ساڵی ٢٠١١ .
١٢- ناردنی ئەفسەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت بۆ لیژنەی پزیشکی لە کاتی پێویست.
١٣- سەردانی کردنی بەرێوەبەرایەتیەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر بە شێوەی نووسراو کە تێدا ئامانجی سەردانی کردنی دیاری کرابێت.
١٤-ئاراستەکردنی نوسراوە تایبەتەکان بە هێزەکانی ناوخۆ بۆ هەموو دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێم ،جگە لە دەزگاکانی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم و ئەنجومەنی دادوەری و دەستە سەربەخۆکان و باڵیوزخانە و کونسولگەریە گشتییەکان لە عێراق و هەرێم.

**ماددەی (٢) :** کار بە هیچ نوسراو و رێنماییەك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم بەیانە.

**ماددەی (٣) :** ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە .

**رێبەر احمد**
**وەزیری ناوخۆ**